## ئەم نامەیە بۆ تۆ

باشە ئەمڕۆ دەبینی نامەیەك بۆ تۆ،
نامەیەکی زۆر مەزن، کە ناتوانی
ئەمڕۆ هەمووی بخوێنیتەوە.
ئەو نامەیە تایبەتە بو تۆ وە لە دوورەوە بۆت هاتووە،
زۆر دوور لە وولاتی چین یان ئوستراليا زۆر دوورترە لە



ئاسمان، هێشتا دوورتر لە لای مانگ و ئەستێرەکان

مەریخ و زوهرە یان ئەستێرەی قوتبی، بگرە هێشتا دوورتر لەوانە کەواتە ئەم نامەیە لە کویێ هاتووە بۆ تۆ؟
ئەم نامەیە لە وولاتێك هاتوە تاریکی تیا بەدی ناکریێ، هەروەها پێویست بە خەستەخانە ودوکتۆر وزانایان ناکات، ئەم وولاتە وولاتێکی پڕ خۆشی و زەماوەندە بە بەردەوامی کۆتایی بۆ نی یە.
ئەو نامەیە لە تەبەقەکانی ئاسمانەوە هاتوە لەکام شار؟ شاری ئۆرشەلیمی ئاسمانی ناوی جادەکەی چی یە؟ جادەی زێڕین. لەکام ماڵ؟ لەماڵی باوك، باڵەخانەی زۆری لێیە. ناوی نێنەرەکەی؟ یەزدانی بەتوانا ئەو یەزدانە تۆ دەناسیێ وە تۆی خۆش دەویێ پێویست بوو ئەو نامەدوور ودرێژە سەر سوڕهێنەرە بنووسیێ، چونکە نامەیەکی تایبەتە بۆ تۆ، ئەو بە تەواوی ئەزانیێ تۆ دانیشتووی کوێیت.

## نامەیەکی سەر سوڕهێنەر

یەکێك جارێك نامەیەکی بۆم نووسیبوو لە بیست لاپەڕە پێك هاتبوو بە ڕاستی نامەیەکی بایەخ داربوو، بەڵام ئەو نامەی تۆ ئێستا بە دەستت دەگات هەزارو هەشت سەد

لاپەڕەیە 1800. لەوانەیە تۆ تیٚ گەیشتبی کە ئەو نامەیە پەرتووکی پیرۆزە بەڵام ئایا پەرتووکی پیرۆز لە ئاسمانەوە دیٚت؟ بەڵیٚ ئەوە راستە لە ئاسمانەوە هاتوە.
بەڵام ئەوە من ئیٚستا گویٚم لیٚیە ئەڵیٚی ئەوە ڕاست نی یە،



لە بەر ئەوەی بەهۆی چەند کەسیٚکەوە نووسراوە وەلە ئەسکەندەریە و بەیروت لە چاپ دراوە ئەوسا پەرتووک خانەکان بەسەریان دا دابەش کراوە.
بەڵیٚ ئەوە ڕاستە بەڵام ئەوە لە کویٚ هات ئەو پەرتووکە پیرۆزەو ووشەکانی؟ ئایا لە فەلەستین خاکی پیرۆز، ئەو شویٚنەی ئەو پیاوانەی تیا ژیا کە پەرتووکی پیرۆزیان نووسی کەواتە پەرتووکی پیرۆز لە فەلەستین هات نەك لە ئاسمان.
بەڕیٚوەبەری دەزگا دانیشتوە، لە ژورەکەی نامە بۆ سکرتیٚرەکەی پڕ ئەکاتەوە (وە سکرتیٚر ئەینووسیٚ)

بەڕێوەبەر ئەیڵێ ووشە ووشە، دوای کاژێرێك کۆتایی هات بەنووسینی نامەو بەڕێوەبەر ئیمزای کرد، نامەکە بە بەرید ڕەوانە دەکرێ. ئێستا یارمەتیم بدە پرسیارێکت لێ بکەم کێیە نووسەری ئەم نامەیە لە ڕاستیدا؟ بەڕێوەبەری دەزگا یان سکرتێرەکەی؟ ئەوەی بیرناکاتەوە یەکسەر ئەڵێ سکرتێرەکەی بەڵام مرۆڤی زیرەك ئەڵێ بەڕێوەبەری دەزگا ئەو نامەیەی نووسیوە، چونکە ووتەو



دەربڕینی ئەوە، سکرتێرەکەی تەنیا ئەوەی نووسی کە بەڕێوەبەرەکەی ویستی و ووتی.
ئێستا تەماشاکە بەهەمان شێوە، پەرتووکی پیرۆز ئەوانەی کە نووسیویانە گوێیان لە دەنگی خودا دەبوو دەیان نووسی، وە بەم شێوەیە ووشە ووشە، بەڵێ هەموو نامەکە هی خودا بوو بەویستی خودا بوو ئەوان

نووسیان، وه لەسەر ئەم ئەساسە پەرتووکی پیرۆز هی ئەو کەسانە نییە کە نووسیویانە بەڵکو لەڕاستیدا نامەیەکە لەخوداوە بۆ ئێمە



نێرراوە، هەروەها بۆ تۆش نێردراوە ئەوانە لەدڵەوە گوێیان گرت لە دەنگی خودا ئەوجا ئەم پەرتووکەیان نووسیوە. لەتوانادا هەیە ئەمە زیاتر تیٚ بگەیت، گەر بەراووردت کرد بەئامێرێکی مۆسیقا، چۆن ئاوازەکەی دەردەچیٚ؟ تەنیا بەفوو تێکردنی مۆسیقارەکە. هەر بەم شێوەیە خودا فووی لەو پیاوانە کرد کە خزمەتی خودایان دەکرد.

فووی خودا، ئەو دەنگەبوو کە لەدڵیان بوو، فووی ڕۆحی پیرۆز وە بەم شێوەیە ووشەکەیان وەرگرت ئەوانەی پەرتووکی پیرۆزیان نووسیوە پڕ بوون لە ڕۆحی خودا وە لەژێر سایەی ڕۆحی پیرۆز نووسیویانە،

هەروەها ئێمەش ئەڵێین وەحی هات بۆیان بە ڕۆحی خودا.

## هارموونیەکی سەر سوڕهێنەر

هاوڕێ کەم مۆسیقاژەنە چەند جۆرە ئالەتێکی مۆسیقا عەزف دەکات، پێی گوتم من دەتوانم دەنگی چەند ئالەتێك لەیەك کاسێت تۆمار بکەم، یەکەم جار بەدەنگی بەرز دوایی دەنگی نزم ئابەو شێوەیە دەنگەکان ڕەش نابێتەوە، ئێستا دەنگی هەشت ئالەتی مۆسیقام لەو کاسێتە تۆمار کردوە، ئەگەر حەز دەکەی ئەتوانی گوێی



لێ بگری، کاتی گوێ گرتنم مۆسیقایەکی زۆر خۆش و گرنگم گوێ لێ بوو پرسیارم لێ کرد هاوڕێ ئەوە کام تیپی سەمفۆنیای ئورکسترایە؟ پێ کەنی ووتی ئەوە تەنیا خۆمم عەزف دەکەم، کەسم لەگەڵ نی یە. ئەو تیپە سەمفۆنیایە لەیەك کەس پێك هاتوە ئەویش منم. چەند ئالەتێك عەزف دەکەم. هەروەها بەو شێوەیە پەرتووکی پیرۆز نووسراوە بە هۆی چل 40 نووسەر (چل ئالەت)، بە هۆی هونەرمەندی مەزن خودا خۆی فووی تێ کردن و هەر یەکەو ئاوازێکی ڕۆحی پێ بەخشین، هەر یەك لەم 40 کەسە 40 ئالەتە ئەوەیە سەر سوڕهێنەری پەرتووکی پیرۆز ئەوە دەنگی ئەو چل کەسە نی یە بگرە دەنگی خودا خۆیەتی.

## ئەو نامەیە بریتیە لە:
## ناونیشان و جادەو ژمارەی دەرگا



پەرتووکی پیرۆز دەفەرموێت ئەزانم لەکوێ دەژیت. (بینین 2). ئەی خوداوەند تۆ منت ناسیوە هەڵسان و دانیشتنی

منت زانیوە لە دوورەوە لەبیرەکانم گەیشتوی ڕێڕەو وجێی ڕاکشانی منت پێواوە شارەزای هەموو ڕیگاکانمی (زەبوری 139).

ئایا هیچ ناونیشانێك دەتوانیٚ باشتر و ڕوونتر بیٚ لەم ناونیشانە؟ نەخێر ئەم ناونیشانە بۆ کەسێکی تر نیە بەڵکو ناونیشانی دڵی تۆیە.

## ناوی تایبەت و لەقەبت

پەرتووکی پیرۆز گوناهبارت دەکات (ڕوما 8:5). هەموو مرۆڤێك گوناهبارە بەرامبەر بەخودا. (ڕۆما 3: 9–12). چونکە لەناو دڵی مرۆڤەوە بیری خراپ دێتە دەرەوە وەك دزی و کوشتن و داوێن پیسی. (مەرقۆس 7). ئایا ئەو شتانە لەتۆ بەدی دەکریٚ نەخێر ئەوە مەحاڵە باس بکریٚ بەڵام ئەوە ناو نیشانی دڵی تۆیە.

## بڕیاری دادوەر

کەواتە نامەی خودا بڕیارێکی تەمیٚ کردنە بەڵیٚ شتێکی ڕوونە. ڕاستە خودا خۆی ئەزانیٚ کردەوە خراپەکانت،

تووشی ناخۆشی بەندیخانەی کردی ئایا دەزانی تۆ شایستەی ئەو سزایەی؟ بەڵام هەر کەسێك دان بنێ بەوەی کە نەزان و گوناهبارە بەرامبەر بەخودا ئەوجا هەواڵی دڵخۆشکەر چاوەڕوانی دەکات.

## بەرەکەت و رزگاربوون

مەسیح لەخاچ درا، بەدەستی کەسانێك لەگەڵ ئەوەی ڕۆڵەی خودا بوو، خودا سزای دا ئایا گوناهباربوو؟ بێ گومان نەخێر ئەی لەبەر چی خودا وازی لێ هێنا؟ لەبەر ئەوەی دەبوایە مەسیح ئازاری مردن بچێژێ بۆ ئەوەی تۆ ڕزگار بکات و پاکت بکاتەوە لەگوناهەکانت، خودا گوناهی ئێمەی خستە سەر شانی (چونکە ئاشتی ئێمە بەوە، تاوەکو ئێمە ئاشتیمان هەبێ لەگەڵ یەزداناو بەبرینەکانی ئەو چاك بینەوە. (ئەشعیا 53).

## زیاتر لەهەزار بەڵێن

ئەمە بابەتی سەرەکی ئاسمانییە
1) تۆ گوناهبارو قەرزاری بەرامبەر بەخودا.

2) بەڵام خودا خۆشەویستیە. (یۆحەننا 8:4) دەیەوێ لەگوناهەکانت خۆش بێ، ئەو توانای بەسەر ئەوەدا هەیە، کەواتە تەنیا چارە ئەوەیە ڕۆڵە تاقانەکەی بکاتە قوربانی چونکە تەنیا ئەو بەشی ئەو هەموو گوناهو قەرزاری یەی ئێمە دەکات دەبێ بەکەفارەت، ئەوە ڕاستی یە بۆ هەر کەسێك کەخۆی بەگوناهبارو قەرزار بزانێ بەرامبەر بەخودا باوەریش بهێنێ کە عیسای مەسیح بەهۆی مردنی لەسەر خاچ ئێمەی ڕزگارکرد ئەوە گەورەترین سەرمایەیە. وەڵامت چی یە بۆ ئەو بانگەوازە ئاسمانی یە؟





## ووتەی پیاوانی ناودار:

- *"ئەگەر لەبەندیخانە بۆم بلوێ پەرتووك بخوێنمەوە ئەوا پەرتووکی پیرۆز دەست نیشان دەکەم".*

**(شاعیری ئەڵمانی گوتە)**

ـ "***پەرتووکی پیرۆز نەمرە***". (لوتەر)
ـ "***پەرتووکی پیرۆز وەڵامە بۆ پرسیاری منالْ وزانستە بۆ زانایان***". (پرۆفیسۆر بیتکس)
ـ "***ئەم پەرتووکە هەموو زانستی وحیکمەتێکی جیهانی لەخۆی گرتوە***". (ئەبوالد رەخنەگری، گەورەی سەردەم)
ـ "***پەرتووکی پیرۆز باشترین پەرتووکە خودا پێشکەشی مرۆڤی کردوە***". (ئەبراهام لنکولن، ئازادکەری کۆیلەکان).
ـ "***کەپەرتووکی پیرۆزم خوێندەوە بۆ سەدەمین جار هەستم کرد تامی زیاترە لەیەکەم جار***" (سارغون).

## چۆن پەرتووکی پیرۆزمان دەست کەوت؟

بەر لە 5 هەزار سالْ مرۆڤ کاغەزو مەرەکەبی بەکار



نەدەهێنا بۆ نووسین هەروەها پیتی ئەلف و بێ نەبوو وە نەیدەزانی. لەو سەردەمە پیتی مزماری بەکار دەهات بۆ

نووسین وە بۆ هەر دەستەواژەیەك ڕەمزێکی تایبەتی هەبوو.
سێ دێر لەدەست نووسی ئاشوری بابلی ئەڵێ: نەبوخەزنەسر کوڕی نەبولاسر بەکر پاشای بابل منم. ئەو جۆرە ڕەمزانە لەسەر بەرد هەڵدەکەنرا یان لەسەر پارچە گۆزەی لەقوڕ دروست کراو کە دوایی ئەیان برژاند. لەشارە کۆنەکان لەدوای گەڕان بەدوای دەست نووسی مزماری لەژێر ئەرز هەزاران پارچە دۆزرایەوە وە لەمیسر جۆرە دەست نووسیك دۆزرایەوە دەست نووسی هیرۆغلیفی بوو.



لەدوای هەوڵدانێکی زۆر لەلایەن زانایانی ئاسار توانیان لەزمانی کۆن تێ بگەن وە چۆنیەتی مرۆڤی ئەو سەردەمە. جگە لە قوڕ بەردو تەختە کاغەز وەکو مادەیەك

بۆ نووسین بەکار ئەهێنرا، ئەمەش لە گەڵای قامیشە شەکرو پێستی ئاژەڵ دروست ئەکرا.
ئێمە زۆرجار دەخوێنینەوە خودا یەکەم پەرتووکی دا بەپێغەمبەر موسا. لەپەیمانی کۆن دا موسای سەرپشك کرد بۆ ئەوەی پەرتووکێك بنووسێ (درج یان طومار) دەربارەی ئەو شتانەی کە لە پەیمانی کۆن ڕوودەدات گەلی ئیسرائیل زۆر کۆششیان کردووماندوو بوون بۆ کۆ کردنەوەی پەیمانی کۆن نزیکەی 400 ساڵی خایاند. پەیمانی کۆن بەزمانی عیبری نووسراوە بەڵام بەشی عەزراو دانیال بەزمانی ئارامی نووسراوە. لەو کاتەی کە عیسای پیرۆز لەسەر زەوی ژیا وەکو مرۆڤ چەند نووسراوێك لەپەیمانی نوێ ئینجیلی پیرۆز نووسرا بەزمانی یۆنانی کە لەوسەردەمەدا زمانی جیهانی بوو وە. 100 ساڵ دوای مەسیح نووسینی پەیمانی نوێ تەواو بوو.
پێغەمبەر موسا 1500 ساڵ پێش زایین ژیاوە بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین پەرتووکی پیرۆز 1600 ساڵی خایاندوە ئەوجا تەواو نووسراوە هەروەها لەو سەردەمانەی باسمان کردن چەند پەرتووکێك نووسران بەڵام لەخوداوە نەبوو.

شێوەی چاپەمەندی جیهان نزیکەی 500 ساڵە گۆڕاوە. جاران گەر یەکێ پێویستی بە پەرتووکی پیرۆز بوایە لەسەری بوو کۆپی بکات. لەو کاتەدا هەموو کەسێك نەیئەتوانی بنووسێ، جا پێویستی بە یەکێك هەبوو بتوانێ ئەوە بکات. کۆپی کردنیش کات و پارەیەکی زۆری ئەویست.

پاش ئەوەی یەکێ نوسخەیەکی دەسخەتی دەست ئەکەوت، چەند کۆسپ و هەڵەیەکی بۆ دەرئەکەوت، جا ئەو کەسەی کۆپیەکی لە دەسخەتە کۆنەکە ئەکرد سەرنجی هەڵەکانی دەسخەتەکەی نەئەدا، بەم شێوەیە هەڵەکان لەدەسخەتێکەوە بۆ دەسخەتێکی تر ئەچوون، هەندێ جار هەڵەی تازە ئەچووە سەریان. لەبەرئەوە پێویست بوو کۆنترین دەسخەتمان هەبێ، چونکە هەتا نزیك بکەوینەوە لەکاری ئەو نووسەرانەی لەئەصلەکەوە کۆپیان کردووە، زیاتر نزیك ئەبینەوە لەکاری پوختە.

## ئەوە حاڵی ڕۆژئاوای نالەبارە (دڕندە)

شەوێکی پڕ لەنهێنی لەبیاباندا تەنیا گوێت لەدەنگی گورگ ئەبوو. کاروانێك دەرکەوت بەرسەرکردایەتی دوو

پیاوی عەرەبی چەکدار، بەهۆی شەڕی ناوخۆیی قەبیلەکانی ئەو ناوچەیە کۆچیان کردبوو. لەدوای کاروانەکە پیاوێکی ئەوروپایی دوا بەدوایان ئەڕۆیشت لەناکاو کاروانەکە کەوتە کەمینەوە گوللە وەك باران ئەباری هەر کەسێك خۆی هاویشتە سەنگەروو دەستی لەسەر تفەنگەکەی داناو لەسەر سك ئەخشان و پالەوانێتی خۆیان نیشان ئەدا. پیاوە ئەوروپایی یەکە



ناوی ئەمیر تیشندۆرف بوو. خەڵکی ئەڵمانیا لایپزیگ. بەڵام ئەو پیاوە مەبەستی تایبەتی خۆی هەبوو بەدوایا ئەگەڕا مەبەستەکەشی دەیەوێ بگاتە دێری (سانتا کاترینا) کەلە چیای سینا دروست کرابوو، لەبەر ئەوەی گوێ بیست بوو چەند نووسراوێك لە پەرتووکی پیرۆز لەو دێری چیای سینا شاردراوەتەوە. بەرهەر حاڵ دوای ئەوە لەگەڵ کاروانێك بەرێ کەوت ئەو کاروانە لەمیسر

هاتبوو بەرەو ئەو ناوچەیە دەچوو کە چیای سینا لەوێیە. تیشندۆرف چەند نووسراوێکی دۆزیەوە لەپەیمانی کۆنی پەرتووکی پیرۆز کە چەند سەدە لەمەو بەر نووسرابوو وە هەندێك لەم دەست نووسانە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی پێش زایین جا هەمووی پشکنی، وا ئێستا خەریکی گەڕانە بەدوای دەست نووسی کۆنترا، لەوانە یەکێکیان زۆر نزیکە لەو دەست نووسە ئەسڵانە کە نێردراوان خۆیان نووسیانە. ئەو ڕانەوەستا لە پشکنین وگەڕان هەتا دۆزیەوە. دوایی سەرکەوت بۆ دێرێك، کەلە شوێنێکی بەرز دروست کرابوو، لەچیای سینا. هەروەها لە راهیبەکان رێگەی پشکنینیان پێ درا لەپەرتووك خانەیەکی گەورەدا. راهب یان راهیبە بەوانە دەگوترێ لەشوێنی دێر دوور لە خەڵك ئەژیان بۆ خودا پەرستی وازیان لە جیهان ئەهێنا. دێر بەو شوێنە دەوترێ وەکو ماڵێکی خوا لە چیایەکی بەرز. چەند حەفتەیە گەڕاو ماندووبوو بێ ئەوەی تەواو بگاتە مەبەستی خۆی. دوایی پێش ئەوەی دێر بەجێ بهێڵێ، لە شوێنێکی جێگای زبڵ هەندێك دەستنووسی جوان وچاکی دۆزیەوە کەلە هەموو ئەوانەی تر دۆزیبویەوە باش ترو دیار تر بوو. ئەو دەست نووسە زۆر کۆنە هەتا

دەتوانین بڵێین ڕاستەوخۆ بەشێکە لە نووسخەی ئەسلی پەرتووکی پیرۆز.

هەروەها لەسەردانێکی تری ساڵی 1859، لەدوای گەڕانێکی باش، بەشێکی تری دۆزیەوە لەپەرتووکی



پیرۆز کە پێك هاتبوو لە 346 لاپەڕە وەهەر لاپەڕەیەك بەرامبەری سامانێکی مەزنە. وە بەم شێوەیە توانیمان پەرتووکی پیرۆز پەیمانی نوێ بەدەست بهێنین. تەشندۆرف توانی هەموو شتێك لەگەڵ خۆی ببات، وەباشترین کرداری ئەوەبوو توانی پەرتووکی پیرۆز پەیمانی نوێ چاپ بکات بۆ ئەوەی هەر یەك لەئێمە بیخوێنێتەوە. وە ئەو چاپە ناوبراوە بە دەقی سینا، وەتا

ئێستا لەمۆزەخانەی بەریتانیا لە لەندەن دانراوە. سینا واتە چیای سینا.
وەرگێڕانی پەرتووکی پیرۆز کارێکی ئاسان نییە، بەزمانی عیبری و یۆنانی. ئەوەی بەکارهاتووە لەبەشی نوێی پەرتووکی پیرۆزا بریتی یە لە پیتی گەورەو بەریزو دوابەدوای یەکتر بێ ئەوەی بۆشاییەك هەبێ لەنێوان هیچ ووشەیەك یان خاڵێك بۆ ڕوون کردنەوەی ماناکەی، هەربۆیە زۆر ئاسان نییە زانینی سەرەتای دێرێك لەو ووشانە، وەزۆربەی زەحمەتیش ئەوەیە زمانی عیبری وەکو زمانی عەرەبی نووسراوە بێ هیچ ئیشارەتێك، هەربۆیە زەحمەتە لەسەر ئەوەی ئەیخوێنیتەوە پێویستە خۆی ئیشارەتەکانی بناسێ لە نێوان ووشەو دێڕەکان.
بۆیە پێویستە سوپاسی ئەوانە بکەین کەگەڕان وماندووبوون ڕەنجیان کێشا تاوەکو توانیان لەسەر دەست نووسی کۆن ئەو نووسراوە جوانەمان بۆ تەرجەمە بکەن.

## ئەشکەوتی قومڕان



لە ساڵی 1947 شوانێکی لاو ڕێگای وون کرد لەکاتی گەڕان بەدوای مێگەلەکەی لەنزیك شوێنەوارێکی ئەشکەوتی قومڕان نزیك لەدەریای مردوو. شوانی لاو عەرەب دانەویەوەو دەستی دایە بەردێکی بچوك هاویشتیە یەك لەدەرگاکانی ئەشکەوتەکە، هەمووی گیانی بووە خۆڵ وتۆز لەکاتی کردنەوەی دەرگای ئەو ئەشکەووتە تەنگە کە چوە ناوەوە بینی پڕە لەگۆزە لەناویاندا پارچە پێستی تەنك شاردراوەتەوە، بۆ ئەوەی لەناو نەچن بەهۆی شەڕو ماڵ وێرانی چەند سەدە لەمەوبەر.

شوانی لاو یەکێ لەو پارچە دەست نووسانەی لەگەڵ خۆی بردوو بەزانایانی شوێنەواری نیشان دا بایەخێکی زۆریان پێ داو وەزۆربەی خەڵك دەستیان کرد بەگەڕان لەو ناوچەیە بۆ شتی وا بایەخدار. دوای چەن ساڵێك

هەندێك نووسینگەی نهێنی بۆیان دەركەوت، ئەو نرخەی دراوە بەرامبەر هەندیٚ لەو دەستخەتانە گەیشتۆتە




چەندین ملیۆن. دەریای مردوو بوە جێگای بایەخ پیٚ دان وە هەتا ئەمڕۆ بەردەوامن لە لێكۆڵینەوەی ئەو دەست نووسانەی لەویٚ دۆزرانەوە وە زۆربەی دەست نووسەكان بەشێكن لە پەرتووكی ئەشعیا تا ئەمڕۆ لە پەرتووك خانەی زانكۆی عیبری لە ئۆرشەلیم دانراوە. وەبەهۆی ئامێری فیزیا توانیان بزانن ئەم دەست نووسانە 70 ساڵ پێش مەسیح نووسراوە (ئەوە ناسراوە بەپشكنینی بەكربون 14).

زۆر لەوانەی ئەڵێن ئێمە ڕۆشنبیرین وا بیردەكەنەوە پەرتووكی پیرۆز پڕە لەهەڵە، ئەوانە زۆر هەڵەبوون، وایان

**زانی لەدوای دۆزینەوەی ئەو دەست نووسانە دەر ئەکەوێ کەپەرتووکی ئەشعیا جێگای باوەر نی یە. ئایا دوای لێکۆلینەوەو پشکنینی ئەنجامەکەی چی بوو؟ تەنیا بەڵگەیەك بوو بۆ هەموو خوێنەران. ووشەی خودا وەك بەردێك وایە نەجوڵێ.**
***ئاسمان وزەوی لەناو دەچن بەلاّم ووتەکانم هەرگیز لەناو ناچن.*** (**مەتتا** 35:24).

## لە هەموو پەرتووکێك زیاتر وەرگێڕاوە



**لەم جیهانەدا نزیکەی** (6900) **زمان و شێوە هەیە. تاوەکو ئێستا پەرتووکی پیرۆز هەموی یاخود چەند بەشێك کە زیاتر بۆ** 2200 **زمان وەرگێڕاوە. لە لاپەڕەی داهاتوو چەند نمونەیەك دەبینین.**

***چونکە خودا بەم جۆرە جیهانی خۆشەویست، تەنانەت تاقە رۆڵەی خۆی پێش کەش کرد، هەتا هەموو ئەوانەی***

***باوەری پێ دەکەن لەناو نەچن بەڵکو ژیانی هەتا هەتایی بەدەست بهێنن.*** **یۆحەننا** 16:3.

**بەچەند زمانێك وەرگێڕاوە ویەك مانا دەدەن وە ئەو ئایاتە پیرۆزە پێی ئەڵێن ناوەرۆکی پەرتووکی پیرۆز یان دڵی پەرتووکی پیرۆز.**

**بۆ نموونە بەم زمانانە:**

**یۆنانی**

Οὕτως γὰρ ἠγάπησεν ὁ Θεὸς τὸν κόσμον, ὥστε τὸν Υἱὸν τὸν μονογενῆ ἔδωκεν, ἵνα πᾶς ὁ πιστεύων εἰς αὐτὸν μὴ ἀπόληται ἀλλ' ἔχῃ ζωὴν αἰώνιον.

**عیبری**

כִּי־אַהֲבָה רַבָּה אָהַב הָאֱלֹהִים אֶת־הָעוֹלָם עַד־אֲשֶׁר נָתַן אֶת־בְּנוֹ אֶת־יְחִידוֹ לְמַעַן אֲשֶׁר לֹא־יֹאבַד כָּל־הַמַּאֲמִין בּוֹ כִּי אִם־יִחְיֶה חַיֵּי עוֹלָם׃

**هیندی**

क्योंकि ईश्वरने जगतको ऐसा प्रेम रक्खा कि उसने अपना एकलौता पुत्र दिया कि जो कोई उसपर विश्वास करे सो नाश न होय परन्तु अनन्त जीवन पावे।

**یابانی**

それ神はその獨子を
世を愛し給へり、すべて
る者の亡びずして永遠の
んためなり。

Ибо так возлюбил Бог мир, что отдал Сына Своего единородного, дабы всякий, верующий в Него, не погиб, но имел жизнь вечную.

روسی

དཀོན་མཆོག་གིས་མི་ཡུལ་ལ་ཡིན་འདིག་གཞེས་པ་
མཛད་པསང་ཁོང་དྲང་ངེ་སྲས་གཅིག་ཅིག་པོ་སལ་ལ་མཛང་
ཀག །སུའང་དོ་ལ་དད་པ་བཅོ་ན་ཁོའི་སྲོག་མེད་ཀན་ལ་མི་
འགྲུར་མ་ཚད་པི་གཏན་དེལུས་ཤེ་ཅན་ནེ་ཆོ་ཐོབ་བེན།

تیبت



تابو

Poichè Iddio ha tanto amato il mondo, che ha dato il suo unigenito Figliuolo, affinchè chiunque crede in lui non perisca, ma abbia vita eterna.

Pvi svo elskadi gud heiminn, ad hann gaf sinn einge-tinn son, til pess, ad hver, sem á hann trúir, ekki tapist, heldur hafi eilift líf.

ئیسلاندی

**ئەلمانی**

So sehr hat Gott die Welt geliebt, dass er seinen eingeborenen Sohn gab, damit jeder, der an ihn glaubt, nicht verloren gehe, sondern ewiges Leben habe.

**ئینگلیزی**

For God so loved the world, that he gave his only begotten Son, that whosoever believeth in him should not perish, but have everlasting life.

**عەرەبی**

لِأَنَّهُ هٰكَذَا أَحَبَّ ٱللّٰهُ ٱلْعَالَمَ حَتَّى بَذَلَ ٱبْنَهُ ٱلْوَحِيدَ لِكَيْ
لَا يَهْلِكَ كُلُّ مَنْ يُؤْمِنُ بِهِ بَلْ تَكُونُ لَهُ ٱلْحَيَاةُ ٱلْأَبَدِيَّةُ •

**بورمی**



**ئەندونوسی**



## چەند کاتژمێر...

پێویستە بەسەر ببیەین لەگەڵ خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز؟ پەرتووکی پیرۆز زیاتر لە سێ ملیۆن ووشەیە 31000 ژمارەیەو 1189 بەشە بۆ خوێندنەوەی پەیمانی



کۆن پێویستمان بە 38 کاژێر هەیە، بۆ خوێندنەوەی پەیمانی نوێ پێویستمان بە 11 کاژێر هەیە وە بۆ خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز سەرجەم پێویستیمان بە 49 کاژێر هەیە ئەگەر بەدەنگی بەرز خوێندمانەوە ئەوا پێویستمان بە 70 کاژێر و 40 چرکە ئەبێت.
ئەگەر چوار بەشمان (أصحاح) لەیەك ڕۆژ خوێندەوە دەتوانین خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز بەساڵێك تەواو بکەین 365 ڕۆژ.

## ژیان لە شریتی سینەمایی دا

ئایا کاتی خۆت بەسەر دەبەی بەخوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز؟ ئایا کۆشش دەکەی بۆ ڕزگارکردنی خۆت؟ ئایا

کاتی خۆت بەنوێژکردن بەسەر دەبەیت؟ ژیان کورتە ڕۆژگار بە خێرایی دەڕوا وەکو شریتی سینەمایی. ئایا ڕۆژێك نامری ژیانت بەخێرایی تەواو ئەبێ؟ بیر لەخودا بکەرەوە ئەوەی دروستی کردوی، بیر لەکاتی لاوی خۆت بکەوە پێش ئەوەی ڕۆژگاری ناخۆش وپیری ببینی. (**الجامعە** 1:12).



منالی

هەرزەکاری

لاوی ولێهاتوو



**بەختەوەری**

**سەرقاڵی**

**خەمباری**

**پیری**

**مەرگ خێرا هات**

## پەرتووكی پیرۆز بەلەزت ترین پەرتووكە لەجیهانا

دایك، مەوەستە لە خوێندنەوە! چیرۆكێكی كاریگەرە، تكایە باوكە پەلە بكە لەتەواو كردنی ئەو چیرۆكە. یوسف ناشرین بوو لەبەرچاوی براكانی و هاویشتیانە ناو بیرێكی بێ ئاو دوایی بەچەند پارەیەك فرۆشتیان بە بازرگانەكانی میسر. وەلە میسر، كەوتە بەندیخانە بێ ئەوەی هیچ تاوانێكی هەبێ و بێ تاوان بوو. لەكۆتایی بوو بە فەرمانڕەوایی میسر دوای فیرعەون. وە بەهۆی ئەوەوە بنەماڵەكەی و هەموو وولآتەكەی ڕزگاریان بوو لە برسێتی وگرانی ئەو سەردەمە. پەرتووكی پیرۆز پڕە لە بەسەرهاتی وا خۆش و كاریگەر.

بیر لەهاوڕێ كانی دانیال بكەرەوە ئەوانەی كە كڕنۆشیان نەبرد بۆ بتەكانی پاشا نەبوخوزنەسر لە بابل یەك لەدوای یەك هاویشتینە ناو ئاگر. ڕزگاریان بوو، بێ ئەوەی توشی هیچ ئازارێك بن.

## گەورەترین پەرتووکی پیرۆز لە جیهانا

لەشاری لۆس ئەنجلەس، دارتاشێك بۆ ماوەی دوو ساڵ شەو ورۆژ خەریکی دروست کردنی پەرتووکی پیرۆز بوو لەدار دروستی کردەوە. هەر لاپەڕەیەك پێك هاتوە لەپارچە دارێکی تەنك بەرزایەکەی سێ پێ ئەبێ ووشەکانی هەموو نووسیوە بەهەڵکۆێنی و قوڵکردنی دارەکە. ئەم پەرتووکە پێك هاتوە لە 8048 لاپەرە، قورسایی کەی 1206 أرطال وئەستوورێکەی 2،8 قدم بوو.

## زەبوری 23



زەبورێکی داود

1) ***خوداوەند شوانی منە پێویستم بەهیچ نابێت.***

*2) **لەپاوانی سەوزەدا دەملەوەرێنێت و دەمباتە سەر ئاوی هێمن وسازگار.***

*3) **گیانم دەبوژێنێتەوە رێنمای رێگای ڕاست ودورستیم دەکات لەبەر ناوی***

*خۆی. 4) ئەگەر بەناو دۆڵی سێبەری مەرگیشدا بڕۆم لەهیچ خراپەیەك ناترسم لەبەر ئەوەی تۆ لەگەڵمدای گۆچان ودارەدەستەکەت دڵنەوایم دەکەن. 5) سفرەم بۆ ئامادە دەکەیت لەپێش دوژمنانم، سەرم بەرۆن چەور دەکەیت، جامەکەم تالێو پڕ دەکەیت. 6) بێ گومان چاکەو خۆشەویستی بێ سنوور بەدوامەوە دەبێت بەدرێژایی ژیانم لەماڵی خوداوەند دەژیم تا هەتایە.*

ئایا شتێك هەیە لەوە باشتر کە ئەڵێ (خوداوەند شوانی منە)؟ ئەو زەبورە بۆ پیر وپەك کەووتەکانە ئەو زەبورە بۆ لاوەکانە ئەوانەی نزیکن لەمەرگ: (ئەگەر بەناو دۆڵی سێبەری مەرگیشدا بڕۆم لەهیچ خراپەیەك ناترسم لەبەر ئەوەی تۆ لە گەڵمدای).

## پەرتووکی پیرۆز بۆ هەموو جیهانە

40 کەس نووسیویانە.
سەدان تەرجەمەی کراوە (وەرگێڕان).
هەزاران چاپ کراوە.
ملێونەها کەس ئەیخوێنێتەوە.



شوێنێك نەماوە لەسەر ڕووی زەمین مەسیحیەکان یان هەڵگری مزگینی پێیان لێ دانە نابێ. لەبەر ئەوەی پێویستە هەموو مرۆڤێك پەرتووکی پیرۆزی هەبێت بەزمانی خۆی بۆ ئەوەی تەواو لەناخی ئەم پەرتووکە پیرۆزە بگات چی تیا نووسراوە. لەچەرخی کۆن پەرتووکی پیرۆز بەزمانی یۆنانی و عیبری و ئارامی نووسراوە. هەروەها دوایی تەرجەمە کرا بۆ زمانە ئەوروپییەکان، وەلە ڕۆژ هەڵات پەرتووکی پیرۆز بەزمانی ڕۆژهەڵاتی تەرجەمە کرا لەوانە زمانی عەرەبی، بەڵام تەرجەمە تازەکەی بەزمانی عەرەبی ئەوەی کە زۆر نایابە پەترۆس بستانی و ناسیف یازجی بەشداری تەرجەمەیان کردوە. هەروەها تەرجەمەی تریشی هەیە بەعەرەبی ناسراو بە یەسوعیە لەساڵی 1880 تەرجەمە کراوە. وە شان بەشانی تەرجەمەکردنی پەرتووکی پیرۆزیان بەزمانی عەرەبی بە ژمارەیەکی زۆر لە زمانی تر تەرجەمە کراوە بەو زمان و شێوانەی لە جیهانا بڵاوبۆتەوە. هیندیەکانی سور ساڵی 1661

پەرتووكی پیرۆزیان بۆ تەرجەمە كرا بەزمانی خۆیان. وە گەلی ئەسكیمۆ (دانیشتوانی گرینلاند) ساڵی 1744 پەرتووكی پیرۆزیان بەزمانی خۆیان بەدەست هێنا. سەرجەمی تەرجەمەكان 75 تەرجەمە بوو.
ساڵی 1800 و ساڵی 1900 گەیشتە 567 وەلە ساڵی 1953 سەرجەمی تەرجەمەكان 1167 بوو ئەمڕۆ دەگاتە 2200 تەرجەمە.

## كێ دەسەڵاتی قسەكردنی هەیە

ئابەو شێوەیە خوداوەند دەفەرموێ ئایا چ پەرتووكێك هەیە ئەو قسەیەی تیادابێ بێجگە لەپەرتووكی پیرۆز كە سەدان جارئەم دەستەواژەیە دووبارە ئەبێتەوە: (كێ دەسەڵاتی قسەكردنی هەیە). كەواتە تەنیا خودا بۆی هەیە. لەپەرتووكی مەلاخی كە پێغەمبەر مەلاخی بچوك نووسیویەتی 24 جار ئەم رستەیە ئەخوێنێتەوە وە هەر لەو پەرتووكە 22 جار نووسراوە (خودا بەسەربازەكان ئەڵێ) وە بەم شێوەیە لە پەرتووكی پیرۆز خودا ئەدوێ.
ئێستا پێویستە مرۆڤ بڕیاری خۆی بدا ئەگەر ئەو پەرتووكە ڕاست نەبێ كەواتە درۆیە یان ئەبێ مرۆڤ بڵێ

ئەو پەرتووكە چییە؟ یان ئەوەتا پەرتووكی پیرۆزەو لەخوداوە هاتوە بەوەحی 100٪ یان ئەوەتا خراپترین پەرتووكەو دوورە لەخوداو ڕاستی لەهەموو جیهان.

## ئایا هیچ جارێك ژەهری مشكت خواردوە؟

ئێمە هەموومان دەزانین ژەهری جرج ومشك ترسناكە (بەڵام لەسەرتە جارێك تاقی بكەیتەوە بێخۆی بزانی چیت لێ دەكا). هەر كەسێك بەم شێوەیە قسە بكات ئەوە دانا نییە. هەروەها ئەو مرۆڤانەی پەرتووكی خراپ دەخوێننەوە بۆ ئەوەی بزانن خراپییەكەی چی یە.

## ئامۆژگاریەكی چاك ژەهری مشك مەخۆ!

ڕێگا مەدە بە رەوشتی خراپ دەرگات لێ بگرێ! تەنیا هەوڵ بدە پەرتووكی بەنرخ بخوێنەوە. پەرتووكی ئەو پیاوانە بخوێنەوە. كە گەورەترین ئامانجیان بەدەست هێنا. پیاو ژن ئەوانەی پاڵەوانی باوەرن. هەروەها ئەو پەرتووكانە بخوێنەوە كە باسی پەرتووكی پیرۆز ئەكەن.

بەڵام هوشیار بە پەرتووکی بەنرخ وبەسەرهاتی پاڵەوانان و پیاوان پێش پەرتووکی پیرۆز مەخە.

## نامەی خۆشەویستی

کچێکی شازادە لە ڕۆژی ئاهەنگی لەدایک بوونی دیاریەکی لەدەزگیرانەکەی وەرگرت، پێك هاتبو لە شتێکی خڕی پێچراوە بەڕەنگی ڕەش وەکو قومبەلە وابوو.



پادشای کچ ترساو فڕێ دا لەکاتی کەوتنی قومبەلە ڕەشەکە بەسەر زەوی دا تەقینەوەیەکی بچوکی ڕوودا بێ ئەوەی زیان بدات. ئایا چی ڕووی دا؟ ئەو پارچە ڕەشەی لەسەری بوو لەناو چوو. تۆپەلەیەکی زیوین دەرکەوت،



پادشای کچ سەری سووڕما هەڵی گرت بەدەست کردیەوە بینی پاکەتێکی ئاڵتونییە. کە پاکەتەکەی کردووە لەناوی دا ئەنگوستیلەیەکی ئەڵماسی بینی لەگەڵ

نامەیەکی بچوك نووسراوە: لەبەر ئەوەی خۆشم ئەویێی! ئەو جۆرە ڕێگایە زۆر کەس بیری لێ دەکەنەوە بەوشێوەیە نامە بنێرن بۆ خۆشەویستەکانیان.
(ئێمە پەرتووکی پیرۆزمان خۆش ناوێ لەبەر ئەوەی زۆر شتی ڕەقی تیادا نووسراوە و بەئاسانی تێ ی ناگەین).



بەڵام ئەوانەی دەیانەوێ لەڕاستی بگەن دەست بەخوێندنەوەو لێکۆلینەوەی پەرتووکی پیرۆز دەکەن لەئەنجامدا لە ڕاستی و دروستی وناوەرۆکی ئەم پەرتووکە دەگەن: لەبەر ئەوەی خۆشم ئەوێی!

## باشترین بەڵگە

لەنزێك پردێك، پیرژنێك دانشتبوو سەوزەی دەفرۆشت. ئەو کاتەنەی خەڵك لە دەوری نەبوایە بۆ شت کڕین ئەو پیرەژنە دەستی دەکرد بەخوێندنەوەی خەزینەی لەبن نەهاتوو ئەمەش بریتی بوو لە پەرتووکی پیرۆز. یەکێك پرسیاری کرد ئەوە چ پەرتووکێك دەخوێنیتەوە؟ پیرەژن گوتی پەرتووکی پیرۆز ووتەکانی خودا.



پیاوەکە وەڵامی داوە چۆن دەزانی ئەوە ووتەی خودایە؟ کێ پێی گوتی خودا خۆی؟ ئایا خودا قسەی لەگەڵت کرد؟ لەسەرەتاوە پیرەژنەکە تێك چوو. بەڵام دوای ئەوە سەری بەرز کردەوە سەیری بەرزایی ئاسمانی کردوو گوتی: بەڕێز ئایا دەتوانی بۆم بسەلمێنی ئەو ڕۆژە خۆی ڕۆژە؟ پیاوەکە گوتی: بەڵێ ئەوە شتێکی ئاسانە

گەورەترین بەڵگە ڕووناکی و گەرمایم دەداتێ. پیرەژنەکە ووتی: ڕاستە، بەڵگەش بۆ پەرتووکی پیرۆز کە ووتەکانی خودایە، لەبەر ئەوەی ڕووناکی و گەرمی دەخاتە ناو دڵ و دەروونم.

## هیچ پێچەوانیەك نییە لە پەرتووکی پیرۆز

هیچ پێچەوانیەك نی یە لەنێوان لێکۆلینەوەو دۆزینەوەی زانست لەگەڵ پەرتووکی پیرۆز. ئایا چۆن ئەبێت پێچەوانە هەبێت؟ ئایا چۆن ئەبێ خودا هەموو جیهانی دروست کردوە بەزانایی خۆی چۆن ڕیگا دەدات پێچەوانەیەك لەئیشەکەی دا هەبێت؟ ئەوە مەحاڵە.
پەرتووکی پیرۆز بێ کەم وکوڕی یە وتەواوە. زێڕی بێ غەل وغەش پێویست بەزاخاو یاقوت ناکات. پەرتووکی پیرۆز بێ غەل وغەشە خۆی لەخۆی دا. پێویست ناکا پەنجە ڕابکێشی بۆ بینینی ڕۆژ، وە پێویست ناکات ڕۆژ خۆی بڵێ من ڕۆژم لەبەر ئەوەی خۆی لەخۆی دا ڕۆژە. هەروەها بەم شێوەیە پەرتووکی پیرۆز ووتەی خودایە، خۆی لەخۆی دا شێوەی خودای هەڵگرتوە.

## پەرتووکی پیرۆز لە ناو دیواردا



نزیکەی 100 ساڵ لەمەوبەر پێش ئەوەی تونێلی گۆتارد لەنێوان ئیتالیا و سویسرا دروست بکرێ، ئەو خەڵکانەی هاتوو چۆیان دەکرد دەبوایە ڕێگای چیای گۆتارد ببڕن ئەوەش ماوەیەکی زۆری دەخایاند بۆ ئەوانەی لەئیتالیاوە دەچۆنە سویسرا یان بەپێچەوانەوە، جارێك کۆمەڵێك خەڵك بۆ کرێکاری چوون چونکە پارەی چاکیان دەست دەکەوت لەسویسرا لەخانوو دروست کردنا. ژنێك خوا ناس بوو لەگەڵ لاوێك کەوتە گفتوگۆ دەربارەی خوداوەند عیسای مەسیح، لاوەکە ناوی ئەنتۆنیۆ بوو نەیدەویست گوێی لێ بگرێ (گوتی ئێمە مریەممان هەیە لەگەڵ چەند کاهینێك بەسمانە). دوایی ژنەکە پەرتووکی پیرۆز پێش کەشی کرد ئەنتۆنیۆ وەری گرت بەڵام نەیویست بخوێنێتەوە و تێ بگات چی تیایە. ئەنتۆنیۆ گەیشتە سویسرا شاری

گلاروس لەکاتی ئیش کردنی لەدروست کردنی خانوویەکی گەورە وا بیری کردەوە ئەو پەرتووکە بخاتە ناو دیوار ئایا شەیتان دەتوانی بیدۆزیتەوە؟
ئەنتۆنیۆ ــ پەرتووکی پیرۆزی خستە ناو دیوارو ئیشەکەی تەواو بوو. دوای چەند حەفتەیەك گەڕاوە ئیتالیا لە ساڵی 1891 ئەو شارە ئاگری تێ بەربوو وێران بوو، 490 خانوو کاول بوون کاربەدەستێکی ئیتالی لەکاتی سەیرکردنی یەکێ لەم خانوە ڕووخاوانە بەچەکوش دای لەدیوارێکی چەند پارچە خشت کەوتەخوارەوە لەناکاو پەرتووکێکی بینی لەناو دیوار شاردراوەتەوە، کە سەیری کرد پەرتووکی پیرۆزە سەری سوڕما ئایا ئەبێ لەکوێ وە هاتبێتە ئێرە؟ لەکاتی دەست بەتاڵی ئەم پەرتووکەی دەخوێندەوە زۆر شتی تێ نەگەیشت، بەڵام لەچوار ئینجیلەکەو زەبورەکان فێری ئەوە بوو چۆن نوێژ بکات. لە وەرزی پایز گەڕایەوە بۆ ئیتالیا ئەو هەواڵەی بەخەڵکی ئەم ناوچەیە ڕاگەیاند هەروەها دەگەڕا لەو ناوچەیە ووتەکانی خودای بڵاو دەکردەوە، ڕۆژێك چوە ئەو شارەی کە ئەنتۆنیۆ لێی دەژی کە ئەنتۆنیۆ چاوی بە پەرتووکی پیرۆز کەوت، گووتی: من پێویستم بەو پەرتووکە نی یە ئەگەر بمەوێ

ئەوا لەشاری گلاروس دانەیەکم شاردۆتەوە لەناو دیوار زۆر سەیرە ئەم پەرتووکە ئەو بێت شەیتان لەشوێنی خۆی دەری کردبێ.
چۆڤانی ئەو کاربەدەستە ئیتالیە کە پەرتووکی پیرۆزی لەناو دیوارەکە دەرکرد لەسویسرا سەیری ئەنتۆنیۆی کردو گووتی: ئاگادار بە گاڵتە مەکە، چی ئەڵێی ئەگەر ئەو پەرتووکە خۆی بێت؟ ئەنتۆنیۆ گووتی: (باوەر ناکەم). کە نیشانەکەی کردبووی بینی لەشوێنی خۆی بێ دەنگ بوو. چۆڤانی گووتی: (ئایا دەبینی ئەو کارە لەشەیتانەوە نییە بەڵکو ئەوەکاری ئەو خودایە زیندویەیە دەیەوێ تۆ رزگار بکات!) ئەنتۆنیۆ ڕقی کۆنی تازە بۆوە بەرامبەر بەخودا و هاواری کرد بەسەر چۆڤانی و لێ ی داو پەرتووکەکەی فڕێ دا، دوایی لەگەڵ هاوڕێ کانی خۆیان بزر کرد لەناو خەڵکدا. ڕۆژێك ئەنتۆنیۆ لەکاتی ئیش کردن سەرخۆش بوو لەسەر دیوارێکی بەرز کەوتەخوارەوە زۆر بەسەختی بریندار بوو قاچەکانی شکان، کە چۆڤانی ئەم هەواڵەی بیست چوە سەردانی لە خەستەخانە چەپکە گوڵێکی بۆ بردو، ئەنتۆنیۆ حەزی نەکردوو تۆڕەبوو دڵی وەك بەردی لێ هاتبوو، چۆڤانی جاری دووەمیش سەردانی کرد خۆشەویستیەك پەیدا

بوو له دڵی ئەنتۆنیۆ بۆ ئەم پیاوە، ووردە ووردە دەستی کرد بەخوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز، کە گەیشتە نووسراوی عیبرانیەکان (12) سەیری کرد لەگەڵ بارووودۆخی ئەو دەگونجێ، ئەنتۆنیۆ بەردەوام بوو له خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز، ووتەکانی خودا، وایان لێ کرد ئەو دڵه ڕەقەی وەك بەرد بوو نەرم بوو، هەستی کرد کە گوناهبارە دانی نا بەگوناهەکانی بەرامبەر بە خودا باوەری تەواوی هێنا بەو کارە مەزنەی خوداوەند مەسیح لەسەر خاچ کردی بۆ ڕزگار کردنی ئەو. ڕۆحی چاك بۆوە بەڵام قاچەکانی هەر شەل بوون، بۆیە دەبێ بەدوای ئیشێکی تر بگەڕێ کە گونجاوی خۆی بێ. دوایی بوە نزیك ترین هاوڕێی جۆڤانی و کچەکەی ئەوی کردە هاوسەری ژیانی خۆی و خۆشترین ژیانیان بردە سەر. ئەنتۆنیۆ ئێستا لەئاسمانە ئەو پەرتووکەی کە ڕۆژێك له ڕۆژان لەناو دیوار شاردیەوە هەتا ئەمڕۆ خەزێنەیەکی لەبن نەهاتوە بۆ مناڵەکانی.

## پەرتووكی پیرۆز لە ناو گونكێك هەویردا

لەوانەیە ناوی (یۆحەننا هاس)ت بیستبێت، پێغەمبەرێك یان دروست كەری ئاشتی یان شەهیدێك. چاوی هەزاران خەڵكی كردەوە فێری باوەری كردن و ئەو كارەی مەسیح بۆ ئێمەی كردوەو



لە پێناوی گوناهەكانی ئێمەدا مردوە. بەڵام مزگێنی دان لەم وولاَتانە كاتی زۆری دەویَ و قوربانی دەویَ. یۆحەننا هاس شەهید كراو سوتاندیان وە زۆربەی باوەرداران كۆژران پەرتووكی پیرۆزیان قەدەغەكردو ئەوەی لای بدۆزرایەوە سزای دەخوارد. حكومەت دەستی كرد بەپشكنینی ماڵەكان بۆ گەڕان بەدوای پەرتووكی پیرۆز. ژنێكی خواناس لای تەنوورەكەی خەریكی هەویر شێلان بوو، كاتیَ بیستی پیاوانی حكومەت هاتوونەتە ناو دیَ كەوە، ئەگەڕێن بەدوای

ئەوانەی پەرتووکی پیرۆزیان هەیە. ئیتر خستە ناو بەشێك لە هەویرەکە، ئینجا بەشە هەویرەکەی خستە ناو تەنوورەکەوە لەگەڵ نانەکانی کەدا. دوای تەواوبوونی پشکنینی ماڵەکەی چووە لای تەنوور و سەیری کرد پەرتووکە پیرۆزەکە هەروەکو خۆی ماوەو نەسووتاوە. هەروەك شرۆخ مشخ و عبد نغو ئەوانەی نەبوخەزنەسر هاویشتینە ناو ئاگروو دوایی هەموویان بەسەلامەتی دەرچوون، بنەماڵەی ئەو ژنەش بەهۆی پەرتووکی پیرۆزەوە پارێزراو بوون، پشت لەدوای پشت بەرەکەتی خودایان پێ درا بوو و خاوەنی سەرمایەو سامانێکی زۆر بوون.

## پەرتووکی پیرۆز گوللە بەندە



چەند سەربازێك بەیەکەوە بوون، یەکێك لەناویاندا ووتی با گوللەیەك لە پەرتووکی پیرۆز بدەین، کێ ئەوە ئەکات مەگەر یەکێ سەرخۆش بێت. یەکێ لەسەربازەکان

گووتی: ئەوە ژیانی منی ڕزگار کردووە لەمردن، کاتێك لەسەنگەری جەنگدا بووم گوللەیەکی دوژمن بەسەر دڵم کەوت، دوایی کە سەیرم کرد برینێکی بچوکەو بەخێرایی چاك بۆوە. لەبەر ئەوەی پەرتووکی پیرۆزم لەگەڵ خۆما هەڵگرتبوو بۆیە دەزانم بەزەیی خودا بوو ئەو پەرتووکەی کە دوو جار ڕزگاری کردووم لە مردن، یەکەم جار ڕیگای نیشان دام بەرەو لای خوداو ڕزگار کەرم، دووەم جاریش گوللەی دوژمنی وەستاندو گێڕایەوە.

## پەرتووکی پیرۆز چوە ناو مامەڵەوە فرۆشرا

ژنێك دووچاری بێ باوەری و گیروگرفتی مادی بوو دوای مردنی مێردەکەی، وای لێ هات دەست بکات بە فرۆشتنی کەل وپەلی بەنرخی ماڵەوە، هەتا ڕۆژێك ناچار بوو پەرتووکە پیرۆزەکەشی بفرۆشێ کە باوکی پێش کەش کردبوو لە ئاهەنگی شوکردنیدا. جاران ئەم پەرتووکەکەی ئەخوێندەوە چێژی لێ وەردەگرت هێزی پەیدا ئەکرد بە ووتەکانی خودا، بەڵام ئەمڕۆ وازی هێناوە پەیوەندی پچراوە لەگەڵ خودا، کاتی تەنیایی بیری خراپ دەکاتەوەو کە منالەکانی دەخەون ئەو

بێزاری ئەبێ، باری دەروونی تێك چووە. ڕۆژێك چووە لای ئەو پیاوەی کە شتەکانی لێ کڕیبوو، بۆ ئەوەی پەرتووکە پیرۆزەکەی بداتەوە. کە گەیشتە ماڵی ئەو بازرگانە لەپەنجەرەوە سەیری کرد چوار پیاو بەدەوری بازرگانەکە وەستاوون، ئەویشی پەرتووکێکی بەدەستەوەیە بۆیان دەخوێنتەوە، ژنەکە یەکسەر زانی ئەوە پەرتووکی پیرۆزە کاتێك مەتتای 26 دەخوێندەوە ئەو ئازار و ناخۆشیانەی عیسای مەسیحی خوداوەند چاوەڕوانی دەکرد، کە لە باخی. جەسیمانی بوو، وە چاوەڕوانی مردنی دەکردو نوێژی دەکرد دەیزانی کاتی ئەوەی هاتووە ئەبێ بمرێ ئەو ژنە دووبارە گوێی لێ بوو بەگریانەوە گەڕاوە ماڵەوە، دانی بەوەدانا کە تاوانبارە بەرامبەر بەخودا و لەبیری چۆتەوە، بۆ بەیانی دڵی پڕ بوو لە شادی زانی گوناهەکانی بەخشراوە سەر لەنوێ لەگەڵ خوداو ڕزگار کەری ئەژی. خێرا ڕۆیشت بۆ لای پیاوە بازرگانەکە بۆ ئەوەی پەرتووکی پیرۆزی بداتەوە، بەڵام چی بینی بازرگانەکە هەر لە شوێنی خۆیەتی بەدرێژایی شەو پەرتووکی پیرۆزی کردۆتەوە ناتوانێ جیا بێتەوە لە پەرتووکی ئاسمانی. بەردەوامە لەسەر خوێندنەوەی ئەو عەزاب و ناخۆشیانەی خوداوەند

لەجیاتی ئێمە هەڵی گرت، تاوانی ئێمەی خستە سەر شانی خۆی وە نوێژی خوداوەند لەسەر خاچ (ئەی باوك لێیان خۆش بە چونکە نازانن چی ئەکەن). پیاوە بازرگانەکە ناوی لیڤی بوو، بەیانیان پەرتووکی ئەشعیا 53 دەخوێندەوە. (ئەو مرد لە پێناوی گوناهەکانی ئێمە)، زۆر خەمبار بوو کە خوداوەند تاوانی نەبوو لە جیاتی ئێمەی تاوانبار چووە سەر خاچ. بەو شێوەیە ئەو ژنە دەزگیرانەکەی دوزییەوە کەلەبەر دەرگای ماڵی وەستاو بوو گوتی: ئەی ژنی خۆشەویست لەو پەرتووکەی تۆ خەزێنەیەکم دۆزیەوە خەزێنەیەکی لەبن نەهاتوە لە هەموو سامانی جیهان بەنرخ ترە، وە پێ ی ڕاگەیاند کە دوێنێ شەوو چوار دەوری هەمووی ڕووناکی بوە. پەرتووکە پیرۆزەکەی گەڕاندەوە بۆ ژنەکەو بۆ خۆی پەرتووکێکی تری کڕی. ژنەکەی لیڤی باوەری هێناو بەیەکەوە خۆیان لەئاو هەڵکێشا.

## پەرتووکی پیرۆزی لە سەر ئاو وەستاوە

ئەفسەرەکی یابانی لە کاتی گەڕانی بە کەشتیەکەی لە مینای ناجازاکی، پەرتووکێکی بچوکی بینی لەسەر ئاو

وەستابوو. هێنایی کردیەوە بینی بە زمانێکی بێگانە نووسراوە. پرسیاری لەوانەی دەروبەری خۆی کرد

نەیانزانی. بەڵام یەکێ لە بازرگانەکانی چین ئاشکرای کرد ئەوە پەرتووکی پیرۆزە (کتاب یسوع). ئەفسەرەکە زۆر باوەری بەو بازرگانە چینیە نەکرد هەتا پەرتووکێکی لەو بابەتەی بۆ هێنا کە بە زمانی چینی تەرجەمە کرابوو، دەستی کرد بە خوێندنەوەی پەرتووکی یەسوع بە زمانی چینی، لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆحی پیرۆز کاری لە دڵی ئەو ئەفسەرە کرد، بێ ئەوەی هەست بکات پەیمانی نوێی تەواو خوێندەوە زانی کە خوداوەند عیسای مەسیح ڕزگارکەری ئەوە. لەگەڵ ئەوەی لەو سەردەمە لەیابان دیانەت ئازاد نەبوو، ئەو ئەفسەرە پەرتووکی پیرۆزی بۆ بنەماڵەکەی و هاوڕیکانی دەخوێندەوە وە زۆر کەس خۆشەویستیان پەیدا کرد بۆ مەسیح. لە دوایی کە ئاین لە یابان ئازاد بوو هەندێك مەسیحی جێ نشین بوون لە ناجازاکی. ئەفسەری یابانییەکە بە ئازادی باسی

پەرتووکی مەسیحی دەکردوو وە باوەری بە ڕزگارکەری.
ئەو ئەفسەرە یەکێك بوو لەو یابانیانەی کە یەکەم جار دانیان بە مەسیحدانا کە خودایەو ڕزگارکەرە، هۆی ئەمەش پەرتووکی پیرۆز بوو کە بینی لەسەر ئاو وەستاوە. بەتەواوی ڕاستە ئینجیلی پیرۆز هێزێکی هەیە دەتوانیٚ هەموو مرۆڤ ڕزگار بکات ئەوەی باوەر بە مەسیح بێنی کە خودایەو ڕزگار کەرە.

## پەرتووکی پیرۆزی دڕاو



هەرزان و ملێونەها کەس بەرەکەتی خودایان پیٚ درا بە هۆی پەرتووکی پیرۆزەوە. زیاتر لە جارێك لاپەڕەیەك لەپەرتووکی پیرۆز یان تەنیا دیرێك دەورێکی زۆر دەبینیٚ و کاری خۆی دەکات بەرهەمێکی باشی ئەبێت. پیاوێك کۆنە فرۆشی ئەکات لە یەکیٚ لە شارەکانی ئەڵمانیا، لەناو ئەو کەلوپەلەی بۆ فرۆشتن دانراوە پەرتووکێکی گەورەی کۆنی لێیە کەس نایکڕیٚ و بایەخی پیٚ نادات،

ئەوە پەرتووكی پیرۆزە. لە دوایی پیاوێك بەنرخێكی كەم كڕی ئەو پیاوە دوكان دارێك بوو بەكاری دەهێنا وەك كاغەزێك لولی دەداو شتی تیا دەفرۆشت. بێ ئەوەی بیخوێنێتەوە. خودا دەفەرموێ ***"ووشەكانم بەبێ بەرهەم بۆم ناگەڕێنەوە"***. (ئەشعیا 55). لەوشارە دا پیاوێك دەژیا عەزابی دەكێشاو ئارامی لێ هەڵگیرابوو، لەبەر ئەوەی یەكێكی كوشتبوو. كە ووشەی كوشتنی دەبینی بەئاگر ئەنووسرا لە پێش چاوی. ئەو ڕۆژێك لە ڕۆژان كوڕەكەی نارده لای ئەو دوكاندارە بۆ شت كڕین، كابرای دوكاندار لەسەر عادەتی خۆی، شتەكەی پێچایەوە بەیەكێ لە لاپەرەكانی ئەو ئینجیلەی لاپەرەی لێ ئەكردەوە، ئەو لاپەرەیەش لە نامەی عیبرانیەكان بەشی نۆ بوو تیا نووسراوە: ***"بەبێ خوێن ڕشتن لێ خۆش بوون بەدەست نایەت"***.

لەسەرەتادا پیاوەكە لە نووسراوەكە نەگەیشت، ئەو بەراستی بەدوای لێ خۆش بوونی گوناهدا ئەگەڕاو ئەیویست زیاتر لەو بابەتە تێ بگات. جارێكی كە كوڕەكە لەلای هەمان دوكاندار گەڕایەوەو شتێكی پێ بوو دوكاندارەكە بە لاپەرەیەكی پەرتووكی پیرۆز پێچابوویەوە، ئەوەش لەنامەكەی یۆحەننادا، كابرای

دوکاندار هەموو لاپەرەکانی لیٚ کردبوویەوە هەتا گەیشتبوویە سەر یەکەم نامەی یۆحەننا. پیاوە گوناهبارەکە ئەو لاپەڕەی خوێندەوە خەمی نەما بینی بەڕاستی لێبوردن و پاك بوونەوە هەیە بۆ گوناهەکان. نووسراوە خوێنی عیسای ڕۆڵەی خودا لەهەموو گوناهێك پاکمان دەکاتەوە، ***"ئەگەر دانمان بە گوناهەکانمان نا ئەوا ئەو سەر سەراست و داد پەروەرە لەگوناهەکانمان خۆش دەبێت و لەخراپە پاکمان دەکاتەوە"*** . (1 **یۆحەننا** 1:7–10)

ئەو ووشانە وەکو ڕوناکیەك بوو بۆ ڕۆحی کابرای گوناهبارو بیٚ هیوا، باوەری هێنا ئەو خوێنەی عیسای مەسیح لەسەر خاچ پێش کەشی کرد بەسە بۆ شوشتنەوەی گوناهەکانی گەر ئەو کەسە دان بە گوناهەکانیا بنیٚ. بەوشێوەیە ئەو داماوە ئاشتی و ئارامی دۆزیەوە بۆ دەرونی خۆی. دەبینین یەك لاپەڕە لە پەرتووکی پیرۆز توانای ئەوەی هەیە ڕیگای ئاشتی وبەختەوەریمان پیٚ نیشان بدات.

## پەرتووکی پیرۆز هاوێژرا بۆ ناو دەریا



لەنزیك دورگەیەکی ئیسپانیا، کەشتیەکی ئەڵمانی نقومی بن ئاو بوو بەهۆی گەردەلوولی شەپۆلی دەریاوە. دوای چەند ڕۆژێك پارچە دارو جل وبەرگی کەشتیوان دۆزرایەوە. لە شوێنێکی کەشتیەکە پەرتووکی پیرۆز پەیمانی نوێ دۆزرایەوە بەم شێوەیە لەسەری نووسراوە.

مارکوس ڕۆتمان کولکوایز 12 هامبورگ.

یەکەمجار ئەیخوێنمەوە لە سەر داواکاری (لۆنی) خوشکم.

دووەم جار ئەیخوێنمەوە لەترسی دادگای یەزدان.

جاری سێیەم و چوارەم و چەند جاری تریش دەیخوێنمەوە بەهۆی خۆشەویستم بۆ ڕزگارکەرم عیسای مەسیح.

## پەرتووكی پیرۆز لەپەنجەرەوە فڕێ درا

سەربازەكان ئەو كاتانەی سواری شەمەندەفەر دەبن خەریكی گاڵتەو پێكەنین دەبن ئەوە خووی سەربازەكانە پڕ بەدڵ وا دەكەن، جارێكیان گاڵتەیان بە یەكێك كرد كە لەژوورێكی شەمەندەفەر دانیشتبوو پەرتووكی پیرۆزی دەخوێندەوە. هەر بۆ گاڵتەو پێكەنین پەرتووكەكەیان لەدەست ڕفاندوو لەپەنجەرەكەوە هاویشتیانە دەرەوە، كەوتە سەر هێڵی ئاسنی شەمەندەفەرەكە (سكە) ئایا ئەو سەربازە لاوەی پەرتووكی پیرۆزی لێ فڕێندرا توڕەبوو؟ نەخێر لەبەرئەوەی مامۆستای هەیە و ئەڵێ: (چونكە من هێمن و دڵ نەرمم) (مەتتا 29:11).

ئەم لاوە خەمبار بوو بەڵام بەبێ دەنگی مایەوە. چەند ڕۆژێك تێ پەڕی ئەو سەربازە پەرتووكی پیرۆزی بەدەست گەیشتەوە نامەیەكی لەناو بوو، بەم شێوەیە نووسراوە: یەكێك لە كرێكارانی هێڵی ئاسنی پەرتووكی پیرۆزی دۆزیەوە وەگوێی لێ بوو لەناو ئەم پەرتووكە دەنگی خودا دەهاتە بەرگوێی. ئەو كرێكارە ترسا بەهۆی گوناهەكانی، بەڵام دوایی كە پەرتووكی پیرۆزی

خوێندەوە ڕزگارکەری دۆزیەوە. لەو کاتەدا سەربازەکە هەستی کرد لەبەرچی دەبوایە ئەو چەند ڕۆژە پەرتووکی پیرۆزی لێ جیا بێتەوە وە تێگەیشت کە سەر لەنوێ شەیتان تێك شکاوو دۆڕاوە.

## پەرتووکی پیرۆز بوو بەخەڵوز



جارێك لە فەرەنسا پیاوێك پەرتووکی پیرۆزی دابەش دەکرد، دای بەماڵێك وەکو دیاری بەخۆرایی، بەڵام خاوەنی ماڵەکە کە وەری گرت خێرا 12 لاپەڕەی لێ کردەوەو ئاگری پێ کردەوە، پیاوەکەی پەرتووکی پیرۆزی دابەش دەکرد بەخەمباری ڕۆیشت، دوای چەند ساڵێك سەرەدانی ئەو ماڵەی کردەوە، کوڕێکیان وون بوو بوو لەشەڕ جل وبەرگ وکەل وپەلی تایبەتی خۆی ڕەوانەی کردبۆوە بۆ دایك وباوکی. ئەو میوانە سەیری کرد ئەو پەرتووکە پیرۆزەی باوکی بەکاری ئەهێنا بۆ ئاگر کردنەوە وا لەناو کەل وپەلی تایبەتی کوڕەکەی هەڵیگرت

و کردیەوە لەناوەوە لەسەر بەرگەکەی نووسراوە سوتاندم و شێواندم بەڵام لە کۆتایی باوەرم پێ هێنا وە هەر بە هۆی ئەوەوە ڕزگارم بوو.

## ووتەکانی خودا لەناو ناچێ تا هەتایە



پێویست ناکات ئێمە بەرگری لە پەرتووکی پیرۆز بکەین. شێر بەخۆی بەرگری لە خۆی دەکات. بەڕاستی پەرتووکی پیرۆز لە مرۆڤی خراپ و بەدکار دەدا، بۆیە زۆربەیان لە پەرتووکی پیرۆز دەترسن.
لەبەر ئەوەی ووتەکانی خودا دڵ و ویژدانی مرۆڤی بێ باوەر دەلەرزێنێ، دەبینت تەنیا دەیانەوێ ڕزگاریان بێت لە دەست پەرتووکی پیرۆز. هەر پەرتووکێك بگرە کە دژی پەرتووکی پیرۆز دەدوێ با هەر بەناو بانگ و بەرز بێ،

**پەرتووكی پیرۆز بەرزترەو هەرگیز بریندار نابیٚ وهیچ ئازارێك نابینیٚ و تەمەنی درێژ ترە لە دوژمنەكانی.**

## پەرتووكی پیرۆز وەكو



### نانە

**(ئەو نانەی لە ئاسمان هاتۆتە خوارەوە ئەوەی هەر مرۆڤیٚ لیٚی بخوات نامریٚ). یۆحەننا** 50:6



### ئاگرە

**(ئەی ئەوە نییە ووشەكانم وەكو ئاگرە خوداوەند دەفەرمۆی)؟ ئیرمیا** 29:23



### ڕوناكی یە

**(ووشەكانت چرایە بۆ پێیەكانم ڕووناكیە بۆ ڕێگام). زەبور** 105:119



### شیرە

**(هەر وەك منداڵی ساوای تازە لەدایك بوو حەزتان لە شیری ڕۆحی پاك و بیٚ گەرد بیٚ چونكە بەمە گەورە دەبن بەرەو ڕزگاری) پەترۆس** 2:2



### هەنگوینە

(لە هەنگوین شیرین ترە لە دڵۆپی شانە هەنگوین). زەبور 10:19



## زێڕە

(لە زێڕ دڵگیر تر لە زێڕی سافی زۆر). زەبور 10:19



## ئاوێنەیە

(ئەوەی گوێ لە ووشەی خودا بگرێ وکاری پێ نەکات، وەك یەکێك وایە سەیری خۆی بکات لە ئاوێنە دوایی لەبیری دەچێ چۆنە). یاقوب 23:1ــ25



## چەکوشە

(ئەمە نی یە ووشەکانم وەکو چەکوش بەرد وورد ئەکات). ئیرمیا 29:23



## خەنجەرە

(شمشێری ڕۆح هەڵگرن کە ووشەی خودایە). ئەفەسۆس 17:6 عیبرانیەکان 2:4



## دەنکە تۆوە

(نەك بە تۆوێکی لە ناو چوو بەڵکو بە تۆوێکی نەمر بە ووشەی چەسپاو و زیندووی خودا). 1 پەترۆس 23:1

## نامەکەم



پەرتووکی پیرۆز وەکو نامەیەکی تایبەتە بۆ من نووسراوە، هەموو ئاگاردار کردنەوەیەکی بەرەو ڕووی منە. عیسای مەسیح مرد لە پێناوی من. ڕزگاری پێش کەش کردم. ئەگەر بمەوێ بڕۆم بۆ ئاسمان ئەوا لەسەرمە عیسای مەسیح قبوڵ بکەم بە ڕزگار کەرم.

## باوەر بە ووتەکەی بکە!

فەرمانڕەوایەکی عەرەب بڕیاری لە سێدارەدانی دا بە سەر یەکێك لە دەست و پێوەندەکانی. لەکاتی لە سێدارەدانی تاوانبارەکە فەرمانڕەوا فەرمانی دا شتێك

بکات پێش مردنی. تاوانبار داوای پەرداخێك ئاوی کرد، بەڵام دەستی دەلەرزی توانای گرتنی پەرداغە ئاوەکەی نەبوو. فەرمانڕەواکە بەڵێنی پێدا لەسێدارەی نەدا هەتا پەرداغە ئاوەکەی تەواو نەخواتەوە. کە ئەو تاوانبارە داماوە گوێی لەو قسەیەی بوو پەرداغە ئاوەکەی دانا باوەری وابوو کە لەسێدارە نادرێ هەتا پەرداغە ئاوەکەی تەواو نەکات فەرمانڕەوا کە بینی ئەوەندە باوەری بەهێزە بە قسەکەی ئەو، لێی بوردو لە سێدارەی نەدا بەم جۆرە ڕزگاری بوو.

وە هەر بەم شێوەیە مرۆڤ دەتوانێ ڕزگاری بێ ئەگەر باوەری تەواوی هەبێت بە ووتەکانی خودا. وە پێویستە لە سەرمان باوەر زیاتر بە ووتەکانی بکەین لە ووتەی هەموو پاشایەك.

## بچووکترین پەرتووکی پیرۆز



لە بەریتانیا لە چاپ دراوە، 878 لاپەڕەیە، قورساییەکەی 20 گرام دەبێت. نیوەی ئەم پەرتووکەیە (نامەیەك بۆ تۆ)، دەتوانرێ بەهۆی عەدەسەی گەورەکەر بخوێندرێتەوە.

## ئامۆژگاری

باشترە هەموو کاتێك پەرتووکی پیرۆز لەگەڵ خۆت هەڵگری هەتا بتوانی بیخوێنیتەوە لەهەموو شوێن و کاتێکدا. (کرداری نێردراوان. 28:8)
(ئەفەسۆس 16:5) بەم شێوەیە پەرتووکی پیرۆز بخوێنەرەوە

1. پەرتووکی پیرۆز چاپێکی باش
2. هەر ڕۆژێ چارەکێك بەلایەنی کەمەوە تەرخان بکە بۆ ئەوەی لەگەڵ خودا بیت. رۆژ 96 چارەکە. کاتیٚ فیلیپۆس بەسواری گالیسکەکەی دەگەڕایەوە بۆ حەبەشە، خەریکی خوێندنەوە بوو لە پەرتووکی ئەشعیا پێغەمبەر. (کرداری نێردراوان. 28:8)
3. گرنگ نییە هەر کاتێك تەرخان بکەی بەیانی زوو یان ئێوارە، بەڵام بەیانی زوو مێشکت زیاتر شت وەردەگریٚ. (زەبور. 5:3،8:4)
4. پەرتووکی پیرۆز بەووردی بخوێنەوەو پەلە مەکە بۆ ئەوەی تەواو تیٚ بگەی.

5. که پەرتووکی پیرۆز دەخوێنیتەوە نوێژ بکە بۆ خودا بۆ ئەوەی ڕووناکیت پێ ببەخشێ، چونکە کەس ناتوانێ پەرتووکی پیرۆز بە تەواوی شی بکاتەوەو تێی بگا زیاتر لەو کەسەی کە نووسیویەتی. (مەتتا 25:11)
6. که پەرتووکی پیرۆز دەخوێنیتەوە داوا لەخودا بکە قسەت لەگەڵ بکات وا بزانە کە بۆ تۆ نووسراوە، نامەی خودایە بۆ تۆ، ئەگەر ئاگادار کردنەوەی تیادا بوو وا بزانە بۆ تۆیە. (غەلاتیە 20:2)
7. باشترە لە کاتی خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز قەڵەمی ڕەساست لابێ، بۆ ئەوەی هەر ئایەتێك سەرنجی ڕاکێشایت خەتێکی لەژێر بدەیت، تا جارێکی تر بە ئاسانی بیدۆزیتەوە وە نیشانە بۆ ئەم ووشانە دابنێ کە دووبارە دەبنەوە وەك گوناه، لێ بووردن، خاچ، پەشیمانی، خۆشەویستی خودا... هەتا دوایی.
8. دوای تەواو کردنی خوێندنەوە، ئەوانەی لە بەرت کردەوەو لەبیرت ماوە لە کاتی نوێژ کردن بیلێرەوە بۆ خودا.

9. به بەردەوامی پەرتووکی پیرۆز بخوێنەرەوە لە کاتی گونجاودا، لە دوای تەواو کردنی دووبارە بیخوێنەرەوە، لەسەرەتاوە دەبینی زۆر بەتام وخۆشترە لەجاری پێشوو.
10. ووشەکانتم لەناو دڵمدا شاردۆتەوە، هەتا گوناه بەرامبەر بە تۆ نەکەم. (زەبور. 11:119)

## پەرتووکە پیرۆزەکەت بکەرەوە

**ئەگەر ئاشتیت ویست.** (**ڕۆما** 1:5 ـ 2 **یۆحەننا** 14)
**ئەگەر هەموو شتێك بە ئارەزووی تۆ بوو.** (**زەبور** 16:33)، (**تیمۆساوس** 6)، (**یاقوب** 1:2 ـ 17).
**ئەگەر دەتەویٚ کارێکی تازەو گرنگ دەست پیٚ بکەیت.** (**زەبور.** 1، 16، **نمونەکان** 16)
**ئەگەر دەتەویٚ خۆت پێشکەش بکەی بۆ خەڵك.** (**ڕۆما** 12)
**ئەگەر خەمبار بوویت بۆ یەکێك لە کەس وکارت.** (**زەبور.** 121)، (**ئەشعیا** 40)
**ئەگەر ئازایەتیت نەمابێت.** (**زەبور.** 43،42،23)

**ئەگەر توشی ناخۆشی بویت.** (2 **تیمۆساوس** 3)، (**عیبرانیەکان** 13)

**ئەگەر هاورێ کانت گۆڕان بەرامبەرت.** (**مەتتا** 5)، (1 **کورنسوس** 13)

**ئەگەر توشی هەژاری بویت.** (**زەبور.** 71،34)

**ئەگەر توشی چەوسانەوە بوویت.** (**زەبور** 56، 130)

**ئەگەر دژایەتیت کرا.** (**مەتتا** 18)، )**ئەفەسوس** 4)، (**یەعقوب** 4)

**ئەگەر بێ هێز بوویت.** (**زەبور.** 1:75–7)، (**مەتتا** 28:11–30).

**ئەگەر لێ بوردنت دەوێ. لۆقا، فیلمون.**

**ئەگەر نەخۆش کەوتی یان جێگەیەکت ژانی هەبوو.** (**زەبور** 6، 39، 41، 67)، (**ئەشعیا** 26).

**ئەگەر باوەرت بێ هێز بوو.** (**زەبور.** 126، 146)، (**عیبرانیەکان** 11).

**ئەگەر هەستت کرد خودا لێت دوورە.** (**زەبور.** 25، 125، 138)، (**لۆقا** 10).

**ئەگەر هەستت بە تەنیایی و ترس کرد.** (**زەبور.** 27، 91)، (**لۆقا** 8).

**ئەگەر لە مەرگ ترسای.** (**یۆحەننا** 11، 17، 20)،

(2 **كۆرنسوس** 5)
**ئەگەر گوناهت کرد.** (**زەبور.** 51)، (**ئەشعیا** 53)، (**یۆحەننا**3)، (1 **یۆحەننا** 1).

گەورەترین خەزینەی جیهانت هەیە گەر پەرتووکی پیرۆزت هەبێ کە ووشەی خودایە. بەڵام ئەم نیشانانە نووسراون تا باوەر بکەن کە عیسای مەسیح، ڕۆڵەی خودایە، هەتا ئێوە بەهۆی باوەر هێنانەوە ژیان بەدەستت بهێنن بەناوی ئەوەوە.(یۆحەننا 31:20)

ئەگەر هەر پرسیارێکت هەیە، یان دەگەڕێی بەدوای رزگار بوونت، یان پێویستت بە پەرتووکی تر هەیە دەربارەی باوەڕ بە رۆڵەی یەزدان؟ تکایە پەیوەندی بەم ناونیشانە بکەت: